ئاسۆ کەمال ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان:

# ئێمە وەکو حزبێکی تازە مامەڵە لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا ئەکەین

**سازدانی:نووسینگەی سلێمانی**

**ماوەیەکە کار بۆ دامەزراندنی حزبێکی نوێ بە ناوی "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان" دەکرێت، کە زۆربەی ئەندامەکانی تا هەنووکەش لە کادران و هەڵسوڕاوانی پێشووی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی پێکهاتوون، بۆ ئاشنا بوون بە هۆکارەکان و دامەزراندنی ئەم حزبە نوێیە و هەروەها زانینی کارو بەرنامەیان کوردستان راپۆرت وتوێژێکی لەگەڵ ئاسۆ کەمال ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئەندامی دەستەی دامەزراندنی ئەم حزبە نوێیەی ئێستا سازدا، ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو وتوێژەیە.**

– هۆی چییە ئێوە ئەو بڕیارەتاندا کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دابمەزرێنن؟

* هۆ سەرەکیەکەی ئەوەیە پێمانوایە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی جیاوازە لەباری سیاسی و کۆ مەڵایەتییەوە تەنانەت ئەتوانین بڵێین ئابووریشەوە لە عێراق، ئەم جیاوازییە پێویست بەوە ئەکات کە دوو حزبی جیاواز لەم دوو شوێنەدا هەبێت ئەوەی کە پێشتر لە 1993دا حزبێکی سەرانسەریمان دروست کرد لەعێراقدا، بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕەی لە 16ساڵی رابردوودا لە عێراق و کوردستاندا روویداوە ئەو جیابوونەوەیەی کە هەبووە بەتایبەت لەدوای رووخانی بەعسیشەوە ئەو جیابوونەوەیە وەك خۆی ماوەتەوە بگرە خە ڵك زیاتریش خوازیاری ئەوەیە کە لە ئەوزاعی عێراق دوور بکەوێتەوە، کێشمەکێشی سیاسی ناو کوردستانیش جیاوازە لەو کێشمەکێشەی کە لە عێراقدا هەیە لەسەر دەسەڵات و لەسەر چارەنووسی ئەم کۆمەڵگایە بۆنمونە تۆ شەڕی شیعەو سوننەت نییە لە کوردستاندا لەکاتێکدا ئەمە لە عێراقدا هەیەو حزبی کۆمۆنسیتی کرێکاری عێراق بەوەوە دەرگیرە یان بە داگیرکاریی ئەمریکاوە دەرگیرە، بەڵام ئێمە لە کوردستان هەلومەرجێکی سیاسی جیاوازمان هەیە کێشەوململانێش لەگەڵ بزوتنەوەکانی کوردستاندا جیاوازە لەو بزوتنەوە سەرانسەریانەی کە لە عێراقدا هەیە. ئێمە لێرە کێشەمان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتدارو ئیسلامی سیاسیدا هەیە وەکو بزوتنەوەیەکی چەپ و عیلمانی مۆدێرن پێمان وایە کە ئەم سێ بزوتنەوەیە لە کوردستاندا ململانێی هەیە، ئێمە خۆمان سەر بە بزوتنەوەی چەپ و سکۆلارەکەی ئەزانین وەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان. بۆیە پێویستە ئەم حزبەمان بتوانێت ئەم قاڵبە بێت کە ئەم بزوتنەوەیە کۆبکاتەوە.

– مەبەستت ئەوەیە ئاڵووگۆڕ بکەن لە کاروبەرنامەی خۆتاندا؟

* ستراتیجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان وا ئەبێت کە کوردستان جیابێتەوە لە عێراق چونکە ئەم دوو کۆمەڵگایە کە لە هەموو بوارێکەوە جیاواز بن مانای نییە کە بەم وەزعەی ئێستای بمێنێتەوە کە رۆژ بە رۆژ خەتەری لەگەڵ تێکەڵاوبوونی شەڕی تائفی و قەومی لە عێراقدا فراوانتر ئەبێتەوە، رۆژ بە رۆژ مەسەلەی تێوەگلانی لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامی قوڵتربێتەوەو هەر ئەو نمونەیەی یەکگرتووی ئیسلامی زۆر روونە کە بە بۆنەی ئەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی و بەعسییەکان بوون بە جەبهەی سووننی ئەمیش ئەیەوێت لە رێگەی ئەوانەوە تەوازن لە کوردستان بگۆڕێت و ئەیەوێت بچێتە پاڵ ئەوە بۆ ئەوەی تەوازنی خۆی لەگەڵ یەکێتی و پارتی بگۆڕێت. ئەمە هەموو بەهۆی ئەوەوەیە کە کوردستان بەزۆر لکێنراوەتەوە بەعێراقەوە، وە ئەو بزوتنەوانەی ئەم کارەیان کردووە چارەنووسی کوردستانیان خستۆتە خەتەرەوە، ئیسلامیەکان قازانج دەکەن لەمە، بۆیە دەیڵێینەوە کە کوردستان لەباری سیاسی و لەباری کۆمەڵایەتییەوە جیاوازە و پێویستە لەم شەڕە دووربێت لەهەموو ئەم بارانەوە زەڕورەتی ئەوە هەیە کە کوردستان پێویستە دەوڵەتی سەربەخۆی تێدا دابمەزرێت. لەسەر و ئەمانەشەوە هەموو کێشەکانی کوردستان پەیوەندیان بەوەوە هەیە کە دەوڵەت نییە لەبەرئەمەشە کە دەسەڵاتێکی نامەدەنیش ئەتوانێ بەم شێوەیە ئیدامە بە ئەوزاعی کوردستان بدات، کە ئەمە هەمووی ئەو خەتەریاتانەیە کە لەسەر چارەنووسی کوردستانە. بەڵام ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست ببێت کە ئەمە ستراتیژیەتی ئێمەیە وەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ئەمە لە هەموو بارێکەوە لەباری سیاسیەوە لەباری کۆمەڵایەتیەوە لەباری ئابووریەوە لەباری ئەمینیەتەوە کوردستان ئارامتر ئەکات. وە لەباری ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵکیشەوە ئەگەر دەسەڵاتێکی مەدەنی بێتە سەرکار لە کوردستان و خاوەن دەوڵەت بێتێکی سەربەخۆ بێت ئەتوانێت کێشەکان زۆر جوان لێکبداتەوە و چارەسەری بکات هەر لە هەڕەشەی تورکیاوە بگرە تا هەموو ئەو هەڕەشانەی تر کە وڵاتانی دەوروبەرو ئیسلامیەکانی عێراقەوە دەکرێنە سەر کوردستان.

– تۆ کەباسی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەکەیت مەسەلەی کەرکوک دێتە پێشەوە ئایا لەکارنامەی ئێوەدا کار بۆ ئەوە ئەکەن کە کەرکوک بێتە سەر هەرێمی کوردستان؟

* ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە کەرکوک ئەبێت ریفراندۆمی تێدا بکرێت و خەڵکەکەی بڕیار بدەن کە دێنە سەر هەرێمی کوردستان یان لە عێراقدا ئەمێننەوە، ریفراندۆمێکی ئازاد بکرێت و جیهەتێکی نێودەوڵەتی سەرپەرشتی بکات، قەناعەتیشمان بەوە هەیە کە کەرکوک تەعریب کراوە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە و قەناعەتیشمان وایە کە کەرکوک کوردستانییە و ئەبێت لەگەڵ ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەدا بێ کە ئێمە داوای ئەکەین، وە بە خەڵکی کەرکوک ئەڵێین لەو ریفراندۆمەدا دەنگبدەن کە بێتە سەر دەوڵەتی کوردستان، چونکە یەکەم شت کەرکوک بەشێکە لە کێشەی کورد لە عێراقدا بەبێ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکەیت مومکین نییە مەسەلەی کەرکوک چارەسەر بکرێت، بۆیە ئەمانەوێ ریفراندۆمی کوردستان و کەرکوک لەیەک کاتدا بکرێت. کەرکوک بێتەوە سەر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەم شێوەیە تۆ ئەتوانیت موشکیلەی تائیفی بەشێوەیەکی شارستانیانە چارەسەر بکەیت، بەجۆرێك کە ریفراندۆمی ئازاد بەسەرپەرەشتی (UN) یان هەر لایەنێکی تر کە جیهەتێکی بێلایەن بێت لەو کێشەیەدا لەناو کەرکوکدا ئەنجام بدرێ، نەك ئەو قەرار بدات لەسەر ئەوەی چارەنووسی کەرکوك بۆ کێ بێت. چارەنووسی کەرکوك ئەبێت خەڵکەکەی خۆی بەپێی ئامار بەپێی سەرژمێری بەپێی ئەوانە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، هەرلایەن و ئەحزابێك ئەتوانێ پڕوپاگەندە بۆ تەرحی خۆی بکات.

– ئێوە داواتان لەیەکێتی و پارتی کردووە رێگەتان پێبدەن بۆ کردنەوەی بارەگا، دوای راگەیاندنی ئەو حزبە؟

*ئێمە وەکو حزبێکی تازە مامەڵە لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا ئەکەین، ئێمە واز لەو مێژووە کۆنە ناهێنین وەکو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری کە لێرە هەبووە ململانێی هەبووە لەگەڵ ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسیدا ئێمە لەو بارەیەوە هەر ئەو خەتە فکریی و سیاسییەمان هەیە، بەڵام وەکو ئەوەی کە حزبێکی تازە دروست ئەکەین لەکوردستاندا لەلایەن خۆمانەوە هەنگاو بۆ ئەوە ئەنێین کە مامەڵەیەك بکەین لەگەڵ ئەمانە کە رێگرەکانی بەردەممان لابەرن، داوای مۆڵەتی رەسمی ئەکەین، داوای هەموو ئەو کارانە ئەکەین کە وەك هەموو حزبەکانی تر ئازاد بین لە دانانی بارەگادا لە کردنەوەی سەتەلایت و ئیزاعە و هەموو ئەو شتانەی تر کە ئێستا ئێمە بەدەستمانەوەیەو پرۆژەمانەو کاری لەسەر ئەکەین، هەموو ئەو مافانەمان هەبێت کە ئەحزابی تر هەیانە. لێرە بە یەکێتی و پارتیشەوە، ئێمە هەوڵدەدەین لەلایەن خۆمانەوە ئەم رێگریانە لابەرین لە بەردەممانداو ئیتر ئەوە ماوەتەوە سەر ئەوان، ئەوان رەدفعلیان چی ئەبێت لەبەردەم ئەم حزبە تازەیەدا و چۆن مامەڵە ئەکەن ئایا بەهەمان چەشنی پێشوو یان بەهەمان سیستمی پێشوو لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستدا ئەجوڵێنەوە یان بەهەمان ئەو شێوەیەی کە ئازادی نەدەن بە ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەر خۆیاندا.

– یانی شێوازی کارکردنتان لەگەڵ حکومەت و حزبەکاندا دەگۆڕێت و وەکو پێشتر نامێنێت؟

* ئێمە ئەو شتانەی کە هەمانە لە مافەکانی خەڵك لە  بزوتنەوە یەکسانیخوازەکانی خەڵك کە لە کوردستان هەیە لە ناڕەزایەتیەکانی خەڵك کە لە کوردسان هەیە لەمانە لەهیچیان نایەینە خوارەوە، ئەمە پایەی ئەساسی ئەوەیە کە ئەبێت دەسەڵاتی مەدەنی دروست ببێت لە کوردستاندا، پێشمان خۆشە لەلایەن دەسەڵاتەوە هیچ رێگرییەك لەسەر  ئەم کارو چالاکیانەی ئێمە نەبێت، چۆن بۆ نموونە تۆ رۆژنامەیەك دەرئەکەیت لەکوردستاندا ئەگەر قسەبکەیت لەبەرامبەر گەندەڵیدا یان لەبەرامبەر دەسەڵاتدارێکدا حەتمەن زەختی زۆرت بۆ دروست ئەبێت واتە ئەم فشارە تەنها لەسەر حزبی کۆمۆنیست نییە یان ئەوەی کە خەڵکێك داوای ئاوو کارەبا ئەکات تەقەی لێدەکەن ئەمانە هەیە لەکوردستاندا، بەڵام ئێمە وەکو حزبی کۆمۆنیست هەڵدەدەین لەلایەن خۆمانەوە بتوانین ئەو رێگریانە لابەرین لەگەڵ ئەواندا، داوایان لێبکەین ئەو رێگریانە لابەرین و مۆڵەتی رەسمی بەچالاکی و کارەکانمان بدەن، ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەو مامەڵەیەی کە ئەوان دەیکەن لەگەڵ خەڵك و ئازادی و مافەکانی خەڵك و ئەحزاب و هەڵوێستیان.

– ئێوە وەك کادر هەرکادرە کۆنەکانی ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقن ئەوانەی کە لەبەشی کوردستان بوون ئیعلانی جیابوونەوەتان کردووە و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانتان راگەیاندووە؟

* ئەوەی کە تائێستا دەرچووە  و راگەیاندنی دەرکردووە مەکتەبی سیاسی راگەیاندنی دەرکردووە کە کۆمەڵێك کادری مەکتەبی  سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەریانکردووە، بەڵام وانامێنێتەوە ئێمە ئێستا خەریکی لیژنەی ئامادەکاری راگەیاندنی حزبین، کە ئەو لیژنەیە ئەتوانێت هەموو کەسێکی تێدابێت کە لەدەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیشە، ئێستا خەڵکمان بینیوە لەگەڵیاندا قسەمان کردووە، هەر کەسێك بەرنامەو پرۆگرامی ئێمەی پێ قبووڵە شەریکە لە بەشێك لەبەرنامەو سیاسەتی ئێمە ئەتوانێت بێتە ناویەوە بۆنمونە ئێمە ئامانجمان ئەوەیە کە حزبێك دروست بکەین کە لەوانەیە لە ئەوەڵەوە کادرەکانی هەر لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

عێراقبن، بەڵام ئەمانەوێ حزبێکی جەماوەری دروست بکەین کە هەر کەسێك خوازیاری یەکسانی ژن و پیاو بێت تیایدا بێت هەرکەسێك خوازیاری دەسەڵاتێکی عیلمانی و سکۆلار بێت تیایدا بێت هەرکەسێك خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان و کۆتایی هێنان بە ستەمی قەومی بێت لەسەر خەڵکی کورد تیایدابێت، حزبێکی جەماوەریمان ئەوێت کە لە هەموو ئەو مەیدانانەدا بتوانێت دەوری هەبێت و کاری هە بێت و خەڵکیشی لەگەڵدا بێت.

– چی وای لێکردوون کە لەو جۆرە تێڕوانینە دابەزن کە ئێوە ئەتانەوێ شێوازی تەعامولتان لەگەڵ حزبەکان بگۆڕن، ئێوە بەوە تاوانبار ئەکران کە توندن لەبەرگری کردن لە سۆسیالیزم و مارکسیزم؟

* ئێمە ئێستاش هەر حزبێکی مارکسیستین پێمانوایە ڕێگەچارەی کێشەی ئەم سیستەمە وەکو سیستەمی سەرمایەداری سۆشیالیزمە، وە دەوڵەتێکە کە شیعارەکەی ئازادی و یەکسانی خەڵکەکە بێت ئەمە داوای خەڵکە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە مامەڵەکردنەوە هەیە لەگەڵ ئەحزابدا راستیەکەی ئێمە دیفاعمان لەم مەسەلانە کردووە بۆنمونە رادیۆمان هەبووە لە سلێمانی یەکێتی چەند جار هەڕەشەی لە ئێمە کردووە کە دژی شەڕی ناوخۆ قسە ئەکەین یان دیفاع لە ئازادی و ئازادی رادەربڕین و هەموو ئەمانە ئەکەین، ئەوەی کە پێشتر ئێمەیاندا بەدادگا لەسەر ئەم خاڵانە بوو. ئێمە داوای یەکسانی ژن پیاو ئەکەین ئەوەی دژی قانوونی ئەحوال شەخسییە. ئێمە داوای سەربەخۆیی کوردستان ئەکەین. ئەمانە هەمووی دژی ئەمنی قەومی عێراقە، ئەمە دەورەیەك بوو کە ئۆپۆزسیۆنیان قبوڵ نەئەکرد ئێستا ئۆپۆزسیۆنێکی جەماوەری هەیە، ئەوکاتە تەنها حزبی کۆمۆنیست ئۆپۆزسیۆنێکی جدی بوو لەبەرامبەریاندا ئێستا ئۆپۆزسیۆنێکی جەمارەوەی هەیە.

– تۆ هەست ئەکەیت یەکێتی و پارتی ئەو چوونە پێشەوەیەی ئێوە قبووڵ بکەن؟

* ئێمە هەنگاوەکانی خۆمان بەوەوە بەستۆتەوە کە بەراستی بتوانین ئەم بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنە جەماوەرییەی کە باسم کرد و لە هەموو مەیدانێکدا هەیە ئەمە ڕێکبخەین ببینە بەشی ڕێکخەرو ڕێنوێنیکەری ئەم بزوتنەوەیە ئەمە لە شکڵی جۆراوجۆردا بتوانێت بزوتنەوەیەکی فشارهێنەر بێت لەسەر دەسەڵات تا ئەوکاتە تەعامووڵی دەسەڵات لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیەدا ئەبێتە تەعامولێکی سەلیمانە، هەموو کاتێك کە فشار بێنیت بۆ جەماوەر یان بۆ ئەو ئۆپۆزسیۆنە جدییانەی کە لەسەر ئەم بابەتانە کاردەکەن، ناتوانیت تەنها بەفشار هێنان و بەسەرکوتکردن جوابی شتەکان بدەیتەوە، لەوانەیە زۆر کات بەپێچەوانەوە بشکێتەوە بەسەر دەسەڵاتیشدا کە ڕێگە نەدات بە هیچ ئۆپۆزسیۆنێك هیچ نەفەسێك نەهێڵێتەوە بۆ بیروڕای جیاواز لە کوردستاندا، ئەوکاتە دەسەڵات خۆی ئەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.